# میهرەبانییەکی بێ سنوور..!

**نورەدین وەیسی**

ڕەنگە ئەگەر کەسێك ئاگای لەمێژووی حیزبەکانی کوردستان نەبێت وابزانێت کە جەلال تاڵەبانی بە درێژایی تەمەنی خۆی قەلێکیشی سەر نەبڕیوەوهەرگیزیش لەئیمزای خۆی پەژیوان نەبۆتەوەو پێچەوانەکەی نەکردووە بۆیە هەنووکە هێندە ڕژدە لەسەر ئەو ئیمزایەی کەدژی لەسێدارەدان کردوویەتی و نایەوێ سەدام لەسێدارە بدرێت وەك لە لێدوانەکەی بۆ BBC دا گوتی(ئەم بڕیارە بەدەست ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی عیراقە کە لەسێ کەس پێکهاتووە سەرۆك کۆمارو هەردوو جێگرەکانی،من دەنگ بۆ بڕیارەکە نادەم وپشوویەك وەردەگرم وبڕیارەکە بۆ ئەوان بە جێدێڵم).

لەشەستەکانەوە تا ئەوڕۆ سەدان وبگرە هەزاران کەس بە فەرمان وئیمزای ڕاستەوخۆی بەرپرسانی حیزبەکانی کوردستان لەسێدارەدراون وکوژراون وئەو تیرۆرەی کە پدك وینك شانازی پێوە دەکەن کەبەرامبەر بەعس نەیانکردووە کەچی بەبێ درێخی کردن وبەزیادەشەوە دژی یەك وخەڵکی دیکەیان کردووە ،دەیان جار ڕێککەوتنامەی ستراتیجیان مۆرکردووەو ئیمزایان لەسەر (تەحریم)و(تەجریم) کردنی شەڕی نێوخۆکردووە کەچی لەجاران گەرمتر درێژەیان پێداوە، ئیدی عەجەبا تاڵەبانی تەنها لەسەر پێشێل نەکردنی ئەو ئیمزایە سوورە لەکاتێکدا وەك شارەزایانی یاسا دەڵێن ئەو ناتوانێ ڕێگە لە لەسێدارەدانی سەدام بگرێ ئەگەر بۆی دەرچوو، ئیدی ئەو تەپو تۆزە چیە دروستی کردووە؟

من وای دەبینم مەبەستی تاڵەبانی لەولێدوانە ئەوەیە کەبە حیسابی خۆی کڵاوێك لەسەری وڵاتانی ڕۆژئاوادا _ئەوانەی دژی لە سێدارەدانن _ بنێ وخۆی وەکو پیاوێکی دیموکراتیك ومافپارێزو لاشەڕ نیشان بدا ، لێ پێموایە زەحمەتە ئەوەی بۆ بچێتە سەر چونکە ئەوان وردو درشتی ژیانی تاڵەبانی وحیزبەکەی دەزانن.

ئەوەی زۆر جێگەی شەرمەزارییە ئەوەیە کەتا ئێستاش بەرپرسانی کوردستان – بەتایبەتیش لەبەغدا – سوورن لەسەرداکۆکیکردن لە بەعسیان ویەکێك لە ناکۆکییەکانی نێوان لیستی هاوپەیمانی کوردستان وشیعەکانیش ئەو خاڵەیە ! چونکە (نوێنەرانی کورد!) دژی بڕیارو دەستەی ڕیشەکێشکردنی بەعسن وبەکەیفی خۆیان چەکی بەرائەت ونیشتمانپەروەری بۆ بەعسییان ئیمزا دەکەن ، هەمووومان لەبیرمانە ماوەیەکی کەم دوای ڕووخانی بەعس تاڵەبانی

چۆن ئامادەیی میوانداریکردنی ژن وکچەکانی سەدامی لە سلێمانی دەربڕی ،لەیەکەم وتاریشی پاش بوونی بەسەرۆك بڕیاری لێبووردنی بۆ بەعسییەکان دەرکرد،دوا دیاری  مام جەلالیش کردنی وەفیق سامەڕائی ئەنفالچی وسەرۆکی ئیستخبارتی سەربازی بەعسە بە راوێژکاری خۆی،وەك چۆن دوادیاری پارتیش لەمبارەیەوە کردنی فایلڕەش  وبەعسییەکی وەك بەدرخان سندی بوو بە سەرنووسەری رۆژنامەی (التاخی) کەبڕیارە لەبەغدا داکۆکی لە مافی کورد بکا!!
لە سیاسەتی داکۆکیکردن لەبەعس کەلیستی هاوپەیمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی بەدلگەرمیەوە درێژەی پێدەدا کەم وزۆر هەموو ئەوانەش بەرپرسن کەدەنگیان بۆدان وهەڕەشەوگوڕەشەشیان لەخەڵکی دەکرد کە دەنگ بۆ ئەم لیستە بدەن دەنا کوردستان بەدەریان دەکەن وناسنامەی کوردبوونیشان لێدەستێننەوە.!
خەریکە ناهەقی ئەو نووسەرە عەرەبانە نەگرم کەبەتانەوە گومان لەئەنفالکردن وکیمیابارانکردنی کورد دەکەن ودەپرسن (ئەگەر بەعس کوردی ئەنفال وکیمیابارانکردووە ئەدی حیزبەکانیان بۆ هێندە بەرامبەر بەعس میهرەبانن؟!)، راستییەکەی ئەگەرحیزبەکانی کوردستان نیوەی ئەو میهرەبانیەی بەرامبەر بەعس هەیانە بەرامبەر یەکدی هەیانبوایە ئێستا ئەزموونی کوردستان لەوە نزیکببۆوە کەپێی بڵێن ئەزموونێکی نیمچە دیموکراتییە!

nuradinwaisi@hotmail.com